کارێکی گەورە لە باسی ئیدیۆم لە زمانی کوردیو لە فەرهەنگ نووسی کوردیدا

د . ئەورەحمانی حاجی مارف

لێکۆڵینەوەی ئیدیۆمی زمانی کوردی باسێکی نوێیە و تاکو ئێستا شتێکی ئەوتۆی دەربارە نەنووسراوە . لە نێو ئەو کارانەی لەم کێشەیە دواون ، کتێبی (مەکسیمی خەمۆ)[1] و وتارێکی (یو . یو . ئاڤالیانی)[2] بەتایبەتی کە بە زمانی ڕووسی نووسراون ، دیارن .

جگە لەو چەند لێکۆڵینەوەیە ، هەروەها مامۆستایان : تۆفیق وەهبی و قەناتی کوردۆ و چەرکەزی بەکۆ . لە فەرهەنگەکانیاندا هەندێ ئیدیۆمیان تۆمار کردووە . مامۆستا صادق بەهائەدین ئامێدیش لە ساڵی ۱۹۷۳دا لە بەغدا کتێبێکی گەورەی بە ناوی «ئیدیەمێت کوردی» یەوە بلاوکردەوە[3] . بەداخەوە ئەم نووسراوە کە بریتی یە لە فەرهەنگێکی ئیدیۆمی کوردی – عەرەبی ، گەلێ وشەی ئاسایی و فرێزی بەرەڵلای تێدا تۆمارکراوە کە بە ئیدیۆم دانراون و زوربەی ئیدیۆمەکان مانایان باش لێك نەدراوەتەوە بێ گومان هۆی ئەو کەم و کورتی و ئاڵۆزی یەش نەبوون یان کەمیی لێکۆڵینەوەی تیۆریی ئیدیۆمە . لێکۆڵینەوەی قووڵ و تەواو لە ئیدیۆمی زمانی کوردی مەودای ساغ کردنەوەی گەلێك کێشەی گرنگ و ئاڵۆزی وشەو دەستەواژە و ڕستە ئاسان دەکاو ، زەمینەی ڕێکخستنی فەرهەنگ تەخت دەکا . .

ڕستە کە لە ئاخاوتنی ئێمە پێکهاتووە ، بەسەر وشەدا دابەش دەبێ . کەم ڕێ

دەکەویٚ ڕستە لە یەك وشە دروست بوویٚ . پتر لە پێکهاتنی ڕستەدا چەند وشەیەك بەشداری دەکەن : (ئازاد چوو بۆ بازار) . (ئەمرۆ یەکەم ڕۆژی هاوینە) . . . لە ڕووی ڕینتاکس (Syntaxe) ەوە ڕستە یەکسەر بەسەر وشەدا دابەش نابیٚ . بەڵکو لە نێوان ڕستەو وشەدا زنجیرێکی سینتاکس هەیە ئەویش فرێز (عبارة)Phrase هـ .

فرێز بەو دانە سادە سینتاکسیە دەڵێن . کە لە دوو یاخود چەند وشەیەکی سەربەخۆ[٤] پێکهاتییو ڕێزمان بەیەکەوەی بەستبن .

لە زمانی کوردیدا دوو جۆر فرێز هەیە :

١ - فرێزی بەرەڵلا .

٢ - فرێزی گیراو .

فرێزی بەرەڵلا ئەوەیە ، کە بە ئاسانیو بەپێی پێویست دابڕێژرێ ، یاخود لە ڕستە دەربهێنرێ . بە وێنە لە ڕستەی «تۆ دیمەنی بەهارو جەژنی نەورۆزت دیوە ؟»دا دەتوانرێ دوو فرێزی بەرەڵلا : «دیمەنی بەهار» ، «جەژنی نەورۆز» وەربگیرێ .

هەرچی فرێزی گیراوە پێی دەوترێ «ئیدیۆم ، فرێزیۆلۆژی» . کاتێ لە یەکگرتنی هەندێ وشەدا واتای تایبەتی پەیدا دەبێ ، ئەوە بەو جۆرە فرێزانە دەڵێن ئیدیۆم .

لە زمانی کوردیدا – وەك هەر زمانێکی دیکەی سەر ئەم زەمینە – جگە لە وشەی جیاجیا ، کە دانەی زمانن ، هەروەها پێکهاتنی ئاڵۆزیش هەیە کە پێی دەوترێ ئیدیۆم ، وەك : «برین **کولانەوە»** ، **«شوول لێ هەڵبرین»** ، **«کای کۆن بە با کردن»** ، **«کلك و گوێ کردن»** ، **«ناوی بە گەرووی ئاشا چیٚ»** ، **«زمان لیٚ دەرهێنان»** ، **«کەوڵە کۆن»** ، **«لووت تیٚ ژەندن»** ، **«دایە کێو»** ، **«دەستی داری گرتووە»** ، **«مل لە چەقۆ سوین»** ، **«دووکەڵ لە ماڵی هەڵناسیٚ»** . . **هتد** .

لەبەر ئەوەی کە ئیدیۆم لە سیستێمی زماندا بە مانای دیکە دێت ، پێویستە لە ڕوونکردنەوە و ئاشکرا کردنی خاسیەتو دەوریدا ، لە لایەکەوە لە فرێزی بەرەڵلادا و لە لایەکی ترەوە لەوشەی جیاجیا ، جیابکرێتەوە .

ئەو دوو ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی ئیدیۆم ، وەك دیاردەیەکی دیاری کراوی زمان شتێکی زۆر پێویست و گرنگە ، ئەویش لەبەر دوو هۆ : یەك – ئیدیۆم لە زماندا ئەرکی خۆی لە ڕێگای وشەی جیا جیاوە دەبینیٚ ، دوو – ئیدیۆم لە پێکهاتنیدا لێکدراوەو پارچەکانی وشەی سەربەخۆن . تەنیا لە تەماشاکردنی تەواو وردبوونەوەی قووڵ لە خاسیەتی ، جیاوازیی لەگەڵ فرێزی بەرەڵلادا دەردەکەویٚو لە وشە نزیك دەبێتەوە و لە دواییدا ، واتە لە ئەنجامی بەراوردکردنیدا لەگەڵ وشە ، دەتوانرێ بزانرێ ئیدیۆم چیە :

لێکۆڵینەوە لە کێشەی ئیدیۆمی زمانی کوردی ، نەك تەنیا کەڵك و سوودی بۆ دامەزراندنی تیۆریی ئیدیۆمی زمانی کوردی هەیە بەتایبەتی ، بەڵکو هەروەها بۆ کاری فەرهەنگ نووسیو لێکسیکۆلۆژیش بە گشتی گەلێك پێویست و بەکەڵکە .

خاسیەتی سەرەکیی ئیدیۆم – واتە فرێزی گیراو – ئەوەیە کە بە شێوەیەکی بنەرەتی لە فرێزی بەرەڵلا جیایە و لە هەمان کاتدا لە وشە نزیك دەبێتەوە . فرێزی بەرەڵلا لە کاتی ئاخاوتندا دروست دەبیٚ ، هەرچی ئیدیۆمە لە کاتی ئاخاوتندا دروست نابیٚ ، بەڵکو دانەی تەواو ئامادەی زمانە . بە وێنە لە کاتی ئاخاوتندا کە دەوترێ : «کامەران هێندەی ڕست ، سەرم ئاوسا» ، ئەوە لەم ڕستەیەدا «سەرم ئاوسا» کە ئیدیۆم (فرێزی گیراو) ە ، وەنەبیٚ لە کاتی ئەم ئاخاوتنەدا دروست بوویٚ ، بەڵکو لە شێوەیەکی ئامادەو پێکەڵدا لە زماندا هەبووە و بەر لەم کاتە دارێژراوە . پێویست بە بیری خاوەنی ڕستەکەیدا هێناوەتەوە و ئەویش وەك کەرەستەیەکی ئامادە هەستی خۆی پیٚ دەربریوە . . هەرچی فرێزی بەرەڵلایە لە کاتی ئاخاوتندا لە وشەی جیا دادەڕێژرێ . بە نموونە کە دەوترێ : «منیش پاش چەند ساڵێك تووشی لاوێکی ڕووناکبیر هاتم» ، ئەوە لەم ڕستەیەدا «لاوێکی ڕووناکبیر» ، کە فرێزی بەرەڵلایە لە کاتی ئەم ئاخاوتنەدا لە وشەی جیا دروست بووە .

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێش : بۆچی کێشەی فرێزی گیراو لە بەشی لێکسیکۆلۆژیدا تەماشا دەکرێت ؟ . . . ئاشکرایە ، کە فرێز پارچەیەکە لە ڕستە – واتە مەفهوومی سینتاکسییەو ئەمە ڕاستەو بەم پیٚیە دەبیٚ لە بەشی سینتاکسدا لیٚی بکۆڵرێتەوە ، بەڵام کێشەی فرێزی گیراو (ئیدیۆم) لە سنووری سینتاکس دەردەچیٚو لە لێکسیکۆلۆژی نزیك دەبێتەوە . زۆر جار دەبینین کە بە ماناو واتا وەك یەك وشەیە ، بە وێنە ئیدیۆمی : «ئەسپیٚ لە گیرفانیدا سەوزەڵە گیانم دەڵیٚ» – بە ماناو واتای وشەی «لات ، هەژار» دێت . یاخود فرێزی گیراوی : «نانی لەسەر ساج سووتاوە» – بەرانبەر بە وشەی «پەلەکەر» دەوەستیٚ .

لە زمانی کوردیدا فرێز هەن ، کە هەمیشە بەرەڵڵان ، وەك : «کچی جوان» ، «نامە نووسین» ، «چا خواردنەوە» «پیاوی ئازا» ، «کتێب خوێندنەوە» . . . هتد . فرێزیش هەن کە هەردەم گیراون ، وەك : «گوڵوڵەی کەوتە لێژی» ، «لووت تێ‌ژەندن» ، «دایە کیۆ» ، «یاری بە ئاگر کردن» . . هتد .

هەروەها زۆر فرێزیش هەن ، کە دەکرێ بەرەڵڵاش‌و گیراویش بن ، ئەمەش پێوەندی بە ماناو مەبەست‌و بەکارهێنانیانەوە هەیەو لە رستەدا دەردەکەوێ . بە وێنە فرێزی : «شوولی لێ هەڵبری» – مانا راستەوخۆکەی ئەوە دەگەیەنێ کە «یەکێك شوولێ لە یەکێك هەڵبرێ» بەم پێ‌یە ، ئەمە فرێزێکی بەرەڵڵایە . بەلام بە مانای تیانی – واتە «لە تامی دەرکرد ، لە رادەی تێ‌پەڕاند» – دەبێ بە فرێزێکی گیراو (ئیدیۆم) یاخود فرێزی «دۆ و دۆشاو تێکەڵ دەکا» – مانا راستەوخۆکەی ئەوە نیشان دەدا ، کە «یەکێك دۆ بهێنێ‌و لەگەڵ دۆشاودا تێکەڵی بکا» – ئەمە فرێزێکی بەرەڵڵایە . هەرچی مانای تیانی ئەم فرێزەیە بۆ ئەوە دەوترێ ، کە «یەکێك لە وتووێژێکدا ، یاخود لە کارێکدا . . توورە دەبێ‌و قسەی نابەجێ دەکاو لە رادەی تێ دەپەڕێنێ» – بەم مانایە فرێزێکی گیراو دروست دەبێ . فرێزی «ئاشی ناگەرێ» ، ئەگەر وەك فرێزێکی بەرەڵڵا بەکار بهێنرێ ، ئەوە واتاکەی ئەوە دەردەخا کە «ئاشەکەی ئیش ناکات» بەلام کە بێ فرێزێکی گیراو «ئیدیۆم» ، ئەوە مانای «کاری وەستاو» دەگەیەنێ – واتە مەرج نی‌یە ، ئەو کارە ئیشی ئاش بێت ، بەڵکو هەر ئیشێك بێت جیاوازی نی‌یە .

فرێزی گیراو (ئیدیۆم) هەموو وەك یەك نین ، بەڵکو لە رادەی یەکگرتن‌و پێوەندی ئەو وشانەی پێکی دەهێنن‌و لە رووی ئەوەوە کە مانای گشتی فرێزەکە تا چ رادەیەك بە هەر وشەیەکی ئەو فرێزەوە پەیوەستە ، جیاوازی هەیە . جا لەم رێگەیەوە لە زمانی کوردیدا دەتوانرێ چەند جۆرێك ئیدیۆم دیاری بکرێ .[٥]

لەبەر ئەوەی لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی ئێجگار زۆر ئیدیۆم هەیە ، بۆیە لە زانین و فێربوون‌و وەرگێرانیدا بۆ سەر زمانێکی دی ، گیروگرفت دێتە پێش . جا بۆ ئاسانکردنی ئەو کارە ، پێویست بە لێکۆڵینەوە لە جۆرەکانی ئیدیۆم‌و رێکخستنی فەرهەنگی ئیدیۆم هەیە .

زمانەوانانی ئەمرۆی یەکێتی سۆڤێت گرنگی‌یەکی زۆریان بە کێشەی ئیدیۆم داوە ، بەڵگەی ئاشکراش ئەوەیە کە گەلێ کاری تیۆری دەربارەی ئیدیۆمی زمانی نەتەوە جۆربەجۆرەکانی ئەو وڵاتە بڵاوکراوەتەوەو ژمارەیەك فەرهەنگی ئیدیۆم چاپکراوە . ئەمەش بە گشتی لە گەشەپێدان‌و پێشخستنی کاری فەرهەنگ نووسیدا دەورێکی گەورەی بینیوە . . تیشکی ئەو پێشکەوتنە وا تەواو زمانی کوردیشی رووناك کردەوە . ئەوەتە لاوی زاناو کورد پەروەر د . مەکسیمی خەمۆ[٦] ، کە بەراستی شاسواری ئەو مەیدانەیە ، پاش هەوڵ‌و تەقەللای بێ‌وچانی پتر لە دە ساڵ توانی فەرهەنگێکی گەورەی زانستی ئیدیۆمی کوردی – رووسی لە چاپ‌دا[٧] و لەم‌مەیدانەدا سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنێ .

ئەم فەرهەنگە (٢٨٤) لاپەڕەی قەوارە گەورەیە و نزیکەی هەشت هەزار ئیدیۆمی کوردیی تێدایە ، کە ماناکانیان بە رووسی لێکدراوەتەوە . لە (٢٨) لاپەڕەی سەرەتادا دەربارەی ئیدیۆمی زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە و لە چەند سەرێکەوە ، بەر لە هەمووش لە رووی پێکهاتن‌و ئەرکەوە گەلێ زانیاری نوێی خستۆتە پێش چاو . . دواتر لە چۆنێتی‌ی کۆکردنەوەو هەڵبژاردنی ئیدیۆم بۆ ئەو فەرهەنگە دواوە . . باسی شێوەی ریزکردن‌و جیاکردنەوەیانی کردووە . . لە لێکدانەوەی مانایان‌و شێوەی جۆربەجۆری وەرگێرانیانی کۆڵیوەتەوە . . . هتد .

ئەم فەرهەنگە بە شێوەیەکی سەرەکی ئەو ئیدیۆمانەی گرتۆتە خۆی کە لە دیالێکتی کرمانجی ژووروو (بەتایبەتی لە بەشە دیالێکتی کوردی یەکێتی‌ی سۆڤێت)دا دەبینرێن . هەروەها بەشێك لەو ئیدیۆمانەش کە لە دیالێکتی کرمانجی خوارووودا بەکار دێن ، لەم فەرهەنگەدا تۆمار کراون .

وەك ئاشکرایە زووربەی ئیدیۆمی کوردی هێشتا هەر لە ئاخاوتن‌و فۆلکلۆردا دەبینرێن‌و سەدانیان لە نووسیندا بەکار نەهێنراون . بەشی زۆری ئەو ئیدیۆمانەش کە کەوتوونەتە نووسینەوە ، ئەوانەن کە لە ئاخاوتندا زۆر چالاکن . سەرەرای ئەوەش فرەواتاکانیان بۆ هەموو واتاکان بەکار نەهێنراون . . . جا بۆیە د . خەمۆ لە دانانی ئەم فەرهەنگەدا ئەدەبیاتی کوردی نەکردۆتە سەرچاوەی سەرەکی‌و لە زاری حیکایەت خوان‌و دیهاتی کوردەوە کەرەستەی بۆ فەرهەنگەکەی کۆکردۆتەوە . راستە لەم قۆناغەدا فەرهەنگی ناوبراو ناتوانێ دەورێکی گەورە

لە ئاسانکردنی تێگەیشتنی تێکستی ئەدەبیدا ببینێ (هەرچەندە مەبەستی فەرهەنگەکەش تەنیا هەر ئەوەندە نی یە) ، بەلاّم دوا ڕۆژ - واتە کاتێك ئیدیۆمەکانی زمانی کوردی ئەدەب دەرازێننەوە ، ئەوە دەتوانێ باش ئەو نیشانە بپێکێ . . نووسەر لە سەرێکی دیشەوە ئەو سامانەی نەتەوەکەمانی لە مەترسیی تیاچوون رزگارکردووە . . ئەم بەرهەمە جگە لەو کەڵکە زۆرەی بۆ زمانەوانانو قوتابیانو ئەدەب دۆستانو وەرگێران هەیەتی ، هەروەها ڕابەرێکی کەم هاوتاشە بۆ نووسەران .

لە نێو فرێزو ڕستەی هەمەچەشنەی کوردیدا ، بەر لە هەموو شتێك پەندی پێشینانو قسەی نەستەق سەرنج ڕادەکێشنو کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوە و لە چاپدانیان[8] گەلێك پێش خرکردنەوەو تۆژینەوەی ئیدیۆم کەوتووە . . نەك هەر لە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیدا ، بەڵکو لە لێکۆڵینەوەی زمانە پێشکەوتووەکانیشدا جیاکردنەوەی ئیدیۆم لە پەندی پێشینانو قسەی نەستەق کێشەی زۆر لە سەرە . شایانی باسە ، د . مەکسیمی خەمۆ زانایانە بۆ ئەو باسە چووەو سنووری ڕاستو لەباری لە نێوانیاندا کێشاوە .

د . خەمۆ لە چۆنێتیی وەرگێرانو لێکدانەوەی مانای ئیدیۆمەکانی فەرهەنگەکەیدا لە هەمان کاتدا هونەرێکی بەرزی نواندووەو بە زمانێکی ڕەوانو ئاسان ، بە وشەو فرێزو ڕستەی پڕ بەپێستی خۆی شەرحی ئیدیۆمەکانی کردووەو ماناکانی لێك داوەتەوە و هەر ئیدیۆمێك چەند مانای هەبێت . هەموو ماناکانی بە ڕووسی نووسیوە . هەروەها ئەگەر ئیدیۆمێکی کوردی لە ڕووسیدا بەرانبەری هەبێ ، ئەوە ئیدیۆمە ڕووسی یەکەشی هێناوەتەوە .

ئەم فەرهەنگە لە ڕووی زۆری ئیدیۆمو شێوەو شێوازو جۆری دانانو ڕیزکردنو ڕێکخستنی ئیدیۆمەکانو لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەو یەکالاّکردنەوەی مانای ئیدیۆمەکاندا کارێکی گەورەو زانستیو بەنرخو نایابەو کەلێنێکی گەورەی لەکاری تیۆری ئیدیۆمو فەرهەنگ نووسیی کوردیدا پڕکردۆتەوە . هەرچەندە چەند ناتەواویو کەمو کورتی یەکی کەم لە «فەرهەنگی ئیدیۆمی کوردی - ڕووسی»دا هەیە[9] ، بەلاّم ئەو ناتەواوی یانە بەجۆرێك نین لە نرخی ئەو کارە شاکارە کەم بکەنەوە .

لە کۆتاییدا هیوامە خامەی ڕەنگینی د . مەکسیمی خەمۆ لەمەیدانی بەرینی فەرهەنگ نووسیی کوردیدا هەر لە برەودا بێ .

پەراوێزەکان :

(١) مەکسیمی خەمۆ ، دەربارەی فرێزیۆلۆژیی ناو لە زمانی کوردیدا ، یەریڤان ، ١٩٧١ (بە زمانی ڕووسی) .

(٢) یو . یو . ئاڤالیانی ، مەسەلەی جیاکردنەوەی کرداری لێکدراوو ئیدیۆمی کردار (لەسەر کەرەستەی زمانی کوردی) - «کورتەی هەواڵەکانی کۆنفرانسی زماناسی» ، سەمەرقەند ، ١٩٥٨ ، ل ٤٠ - ٤٣ (بە زمانی ڕووسی)

(٣) صادق بەهائەدین ئامێدی ، ئیدیەمێت کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٣ .

(٤) بێگومان پێویستە لە چەند وشەیەکی سەربەخۆ (واتە لە چەند وشەیەکی تەواو) پێکهاتبێ . لەبەر ئەوەی (پیتی بانگهێشتنو پیتی پێوەندی . .» وشەی ناتەواونو ناتوانن فرێز دروست بکەن . بە وێنە لە ڕستەی «من دەچم بۆ بازار»دا ناتوانین بڵێین ، کە «بۆ بازار» فرێزە ، چونکە (بۆ) وشەی تەواو نی یە .

(٥) بۆ زانستی زیاتر لە بارەی ئیدیۆمەوە ، بڕوانە : د . ئەورەحمانی حاجی مارف ، وشەی زمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٥٦ - ٦٨ .

(٦) د . مەکسیمی خەمۆ لە ئامۆژگای ڕۆژهەلاّتناسیی یەریڤان کار دەکا و لە بەشی کوردیی زانستگەی یەریڤان دەرسی زمانی کوردی دەڵێتەوە . ئەم زانایە لە بارەی زمانی کوردییەوە چەند وتارو نامیلکەی بلاوکردۆتەوە ، وەك : «ڕەخنە لە کتێبەکەی ج . خ . باکایێف (شێوەی کوردی تورکمەنستان) » ، گۆڤاری «مێژوو و فیلۆلۆژی» ، یەریڤان ، ١٩٦٥ ، ژ ٣ ، «مۆرفۆلۆژیی شێوەی بادینان» (کورتەی نامەی دوکتۆری) ، یەریڤان ، ١٩٦٥ ، «دەربارەی فرێزیۆلۆژیی ناو لە زمانی کوردیدا» ، یەریڤان ١٩٧١ . . . و هەندێکی تر .

(٧) د . مەکسیمی خەمۆ ، فەرهەنگی ئیدیۆمی کوردی - ڕووسی یەریڤان ، ١٩٧٩ .

(٨) تۆمارکردنی پەندی پێشینانو قسەی نەستەقی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی هەژدە . هەندێ لەو دەستنووسانە لە ماتێندەرانی یەریڤانو کتێبخانەی ئامۆژگای ڕۆژهەلاّتناسیی لێنینگراد پارێزراون .

(٩) لە کەمو کورتیی ئەو فەرهەنگە نەدواین . چونکە بە زۆری مەبەستی ئەم وتارەمان ڕاگەیاندنی دەرچوونی کاری ناوبراوە . .